بسم الله الرحمن الرحيم

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە: ١٧٤٥٩
بەروار: ١٦/ ٩/ ٢٠٢٠

# زەکاتی ماڵی بازرگانی

قال الله تعالى: {فاسألوا أهل الذكر إن كنتم لا تعلمون} (سورة النحل: ٤٣).
الحمد لله والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه والتابعين لهم بإحسان إلى يوم الدين،

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە دانیشتنی ئاسایی خۆیدا لە بەرواری ٢٧/محرم/١٤٤٢هـ - ١٥/٩/٢٠٢٠م وێڕای ئەوەی چەند بابەتێکی گرنگی تاوتوێ کرد، فەتوای بابەتی (زەکاتی ماڵی بازرگانی)شی ڕاگەیاند، کە پێشتر لەلایەن تەواوی ئەندامانی ئەنجومەنەوە خوێندنەوەی کۆتایی بۆ کرا بوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

## کورتەی فەتواکە:

١. زەکات لە ماڵ وکەلوپەل وکاڵای بازرگانی وەك: دەست مایەو کەلوپەل وکاڵای دوکان، سوپەر مارکێت، پێشانگەکانی جل وبەرگ و ئۆتۆمۆبیل و... هتد، و هەر کاڵایەکی دیکە کە بە نیەتی بازرگانی کڕین و فرۆشتن پێوە بکرێت واجبێکی شەرعیە.
٢. زەکات لە ماڵی بازرگانیدا بەم مەرجانە واجب دەبێت: (أ. بگاتە ئەندازەی زەکات، کە نرخی بیست مسقاڵ زێڕە ، ب. ساڵێکی تەواو بەسەر ئەو ماڵ یان کاڵایانەدا تێپەڕ ببێت).
٣. پێویستە کە ساڵ تەواو بوو بازرگان ئەوەی لە ژێر دەستیدا هەیە لە دوکانەکە یان ماڵە بازرگانییەکەیدا بیخەمڵێنێ بە نرخی وەخت نەك ئەو نرخەی کە پێی کڕیوە، ئینجا ڕێژەی (٢.٥٪) لە سەدا دوو نیوی لێ بدات بە زەکات.
٤. پێویستە بازرگان پاش تێپەڕبوونی ساڵێکی تەواو زەکاتەکەی بدات لە سەرجەمی نرخی کاڵاکانی دوکانەکە یان ماڵە بازرگانییەکەی (ئەوەی هی خۆیەتی یان ئەوەی بەقەرز هێناویەتی) ، بێ گوێدانە قەرزەکان، چونکە ئەو ماڵەی کە کڕاوە وئەو ماڵەش کە بەقەرز هێناویەتی ولە دوکانەکەیدا هەیە ئەوە هەمووی موڵکی خۆیەتی.
٥. هەر ماڵ و کەلوپەلێك بە قەرز یان بە حازر کڕدرابێت پێش کاتی سوڕانەوەی ساڵی (حول)ی ئەو ماڵەی کە پێشتر هەیەتی، ئەوە زەکات لەو ماڵە نوێیە فەرز نابێت تا ساڵێکی تەواو بەسەر کڕینەکەیدا تێپەڕنەبێت، واتە، حەولی لەگەڵ حەولی ماڵە بازرگانیە

کۆنەکەدا جودایەو پێکەوە نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی عورق بازرگانی گۆڕاوە و زەحمەتە بتوانێ بۆ هەریەکێك لە ماڵە کۆن و تازەکە حەولی جودا حیساب بکات، بۆیە پێمان باشە تا بکرێت زەکاتی هەردووکیان بە حیسابی حەولە کۆنەکە لە یەك کاتدا بدات.

٦. ئەگەر کاڵایەك بە ساغ کردنەوە (تصريف) درابوو بە کەسێکی دوکاندار یا هەرکەسێکی دیکە بە شێوەیەك کە ئەگەر بۆی نەفرۆشرا خاوەنەکەی لێی وەردەگرتە، ئەوە زەکاتی ئەو کاڵایە تەنها لەسەر خاوەنەکەی پێویست دەبێت بە مەرجەکانی پێشوو، ولەسەر سەرفکەرەکە واجب نابێت .

## درێژەی فەتواکە

ماڵی بازرگانی: بریتیە لە کەل وپەل وشتومەك وئاژەڵ وزەوی وزار وهەموو شتێك کە ئالوگۆڕی بازرگانی تیادا بکریت واتە، ئەو دەست وئەو دەست بکات وشتێکی لە بەرامبەردا وەربگیرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کاڵایانە لەلایەکەوە بۆت بێت بێ ئالوگۆڕ وەك: بەخشین، میرات، ئەوە ماڵی بازرگانی نییە وزەکاتی تیادا نییە.(روضة الطالب: ٢/٢٦٦، المجموع: ٣/٤٦، المغني لابن قدامة: ٩/٣٣٥).

## بەڵگەی واجب بوونی زەکات لەماڵی بازرگانی

خوای گەورە دەفەرموێت: ((يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَنفِقُوا مِن طَيِّبَاتِ مَا كَسَبْتُمْ)) (سورة البقرة، الآية: ٢٦٧). واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە بڕواتان هێناوە ببەخشن لەو شتە پاکانەی دەستتان دەکەوێ، و لە ماڵی کاسبی خێر بکەن، پێشەوا مجاهید دەفەرموێ: ئەو ئایەتە بە بۆنەی زەکاتی بازرگانی دابەزیوە، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: ((وفي البَزِّ صدقة)) (رواه الحاكم بإسناد صحيح)، بَز: قوماشی دوکانە، واتە: لە قوماشی دوکان زەکات هەیە، کەواتە: هەر شتێك وەك قوماش بکڕدرێ وبفرۆشرێ هەروەك ئەوە.

هاوەڵی بەڕێز سەمورە (خودا لێی ڕازی بێ) دەگێڕیتەوە: خۆشەویستی خوا (درودی خوای لەسەربێت) فەرمانی بە ئێمە دەکرد لەو شتانەی ئامادە کراون بۆفرۆشتن زەکات بدەین (رواه أبوداود) هەروەها چەندین بەڵگەی دیکە شکە دەیسەلێنن کە ماڵی بازرگانی زەکاتی تیادا واجبە. (بڕوانە: المجموع شرح المهذب: ٦/٤٤).

}

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان
مەکتەبی تەنفیزی
ئەنجومەنی باڵای فەتوا

بسم الله الرحمن الرحيم

إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان
المكتب التنفيذي
المجلس الأعلى للإفتاء

ژمارە / ٣/٤٢٩ بەروار / ١٦/ ٩ / ٢٠٢٠

## مەرجەکانی زەکاتی بازرگانی

ماڵی بازرگانی بە دوو مەرج زەکاتی تیادا واجب دەبێ:

(الحول)، واتە: ساڵ سوڕانەوە، پێویستە ماڵی بازرگانی ساڵێکی تەواوی بە سەردا تێپەڕ ببێت، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) فەرمویەتی: ((لا زكاة في مالٍ حتى يحول عليه الحولُ)) (رواه الدارقطني [illegible] فقه الحاج: ٣/٢٩٢-٢٩٨، المغني لابن قدامة: ٢/٢٣٠)، واتە: ماڵی بازرگانی زەکاتی لەسەر واجب نابێ تاکو ساڵی بەسەردا دەسوڕێتەوە.

ماڵەکە بگاتە ئەندازەی زەکات فەرزبون (النصاب)، ئەوەش مەرجە لە کۆتایی ساڵ بێت، وئەو ئەندازەیە بریتیە لە نرخی بیست ٢٠ مسقاڵ زێڕ، کەواتە: ئەگەر ماڵێك کەمتر بوو لەو ئەندازەیە ئەوە زەکاتی تێدا فەرز نییە.

بۆیە کە ساڵ تەواو بوو پێویستە بازرگان ئەوەی لە زێڕ دەستیدا هەیە لە دوکانەکە بیقرسێنێ بە نرخی وەخت نەك ئەو نرخەی کە پێی کڕیوە، و بزانێ کۆزمەی کۆتایی هەموو دوکانەکەی چەندە ئینجا ڕێژەی (٢.٥٪) لە سەدا دوو نیوی لێ بدات بە زەکات.. (كتاب الفقه على المذاهب الأربعة: ١/٢٠١).

هەروەها پێویستە هەموو بابەتەکان پێکەوە ئەژمار بکرێن هەرچەندە جیاوازیشیان هەبێت ویەك جۆر نەبن (الفقه الاسلامي وأدلته: ٣/١٨٧١).

ئەگەر مامەڵەکردن بە پارە بێت - وەکو ئێستا - دەبێت ماڵی بازرگانییەکە بە پارە بقرسێندرێ، پاشان بەراورد بکرێ لە گەڵ نرخی زێڕ، ئەگەر سەرجەمی نرخی کەل وپەلەکانی دوکانەکە دوای لێکدانەوەو بەراوردکردنی لە گەڵ زێڕ دەرکەوت کەوا گەیشتوەتە ئەندازەی نرخی بیست ٢٠ مسقاڵ زێڕ، ئەوە گەیشتوەتە (نصاب)، وزەکاتی تێدا فەرزە، ئەگەر نەگەیشتە ئەو ئەندازەیەش ئەوە ئەو کاتە زەکاتی تیادا نییە و حەولێکی تازە دەست پێدەکاتەوە. (الجامع في الفقه الإسلامي وأدلته، المفصل: ١/٣٨٨)

## ئایا بازرگانێك قەرزدار بێت زەکات لە سەری واجبە ؟

ئەگەر هاتوو کەسێکی بازرگان زۆر شت لە دوکانەکەیدا هەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەش قەرزدار بوو، یان ئەگەر هاتوو کەسێك بە ئەندازەی بەهای هەموو دوکانەکەی قەرزی کردبوو (الدين

المستغرق)، ئایا ئەو قەرزدارە زەکاتی لەسەر واجب دەبێت؟ یان بەهای قەرزەکە لە نرخی دوکانەکە کەمدەکرێتەوە؟

وەڵام: پێویستە بازرگان زەکات بدات لە سەرجەمی نرخی کاڵاکانی دوکانەکە یان ماڵە بازرگانییەکەی پاش تێپەڕبوونی حەولەکەی بێ گوێدانە قەرزەکان، چونکە ئەو ماڵەی کە کڕاوە وئەو ماڵەش کە بەقەرز هێناویەتی ولە دوکانەکەیدا هەیە ئەوە هەمووی موڵکی خۆیەتی، واتە: خۆی خاوەن ومالیکی ئەو ماڵەیە کە بە قەرز هێناویەتی، وە قەرز لە سەر خاوەنەکەیەو نەبەستراوەتەوە بە دوکان وکەل وپەلەکە، بۆیە زەکاتی تێدا فەرزە، پێشەوا نەوەوی دەفەرموێ: (ولا يمنع الدين وجوبها في أظهر الأقوال) واتە قەرز ڕێگری لە زەکات ناکات لەسەر ڕاگترین ووتەکان.(تحفة المحتاج: ٣/٣٢٧، النجم الوهاج: ٣/٢٤٦).

## بەروبومی ماڵی بازرگانی

بەروبوم وبەرهەمی ماڵی بازرگانی، وەك: قازانج، میوەی دار، بێچووی ئاژەڵ، شیرو خوری و...هتد، هەر هەموو پێکەوە لە گەڵ ماڵە سەرەکییەکە زەکاتی لێ دەدرێت، کەواتە: بەروبوم وبەرهەمی ماڵی بازرگانی حەولی نوێی پێویست نییە، هەروەها ساڵ وەرسوڕانەوەیێکی تایبەتی ناوێت؛ چونکە حەولی لەگەڵ حەولی سەرمایەکەیە. (نهاية المحتاج: ٣/٦٣ و ١٠٤، تحفة المحتاج: ٣/٢٣٢ و ٢٩٨، الفقه على المذاهب الأربعة: ١/٤٩١ – ٤٩٢، الفقه الإسلامي وأدلته: ٣/١٨٧٦)

## زەکاتی ماڵی قەرز

هەر ماڵێك بە قەرز یان بە حازر کڕدرابێت پێش کاتی سوڕانەوەی ساڵی (حول)ی ئەو ماڵەی کە پێشتر هەیەتی، ئەوە زەکات لەو ماڵە نوێیە فەرز نابێت تا ساڵێکی تەواو بەسەر کڕینەکەیدا تێپەڕنەبێت، واتە: حەولی لەگەڵ حەولی ماڵە بازرگانیە کۆنەکەدا جودایەو پێکەوە نیە (نهاية المحتاج: ٣/٦٤، تحفة المحتاج: ٣/٢٣٣ – ٢٣٤)، بەڵام لەبەر ئەوەی عورفی بازرگانی گۆڕاوە و زەحمەتە بتوانێ بۆ هەریەکێك لە ماڵە کۆن و تازەکە حەولی جودا حیساب بکات و ڕاگرتنی حیسابی حەولەکانیان زەحمەتە، بۆیە پێمان باشە زەکاتی هەردووکیان بە حیسابی حەولە کۆنەکە بدات، هەرچەندە ماڵە تازەکەش هێشتا کاتی زەکات لێدانی نەهاتووە، چونکە پێشخستنی زەکاتیش دروستە.

## زەکاتی ئەو ماڵەی کە بە پارەی ناو دوکان نەکراوە

ئەو پارەیەی کە لە دەرەوەی دوکان هێناویەتی وگەل وبەلی پێکرپوەو ئەو گەل وبەلانەشی خستۆتە ناو دوکان، سەیر دەکرێ: ئایا ئەو پارەیە بەقەد ئەندازەی زەکات دەبێت واتە نصاب، یان نا؟!

ئەگەر بڕی پارەکە بەقەد ئەندازەی زەکات دەبوو، ئەوە زەکاتی تێدا هەیە، وسەری حەولیش لەو ڕۆژە دەستپێدەکات کە پارەکەی دەست کەوتووە، وە ئەگەر بڕی پارەکە بەقەد ئەندازەی زەکات نەبوو، بەڵام پارەی تری لە ماڵ هەبوو، وە بڕی ئەو پارەیەی کە لە ماڵەوە هەیەتی ئەگەر کۆبکرێتەوە لە گەڵ بڕی ئەو پارەیەی کە بردوویەتی بۆ دوکان پێکەوە دەگەیشتە ئەندازەی زەکات (نصاب)، ئەوەش زەکاتی لەسەر واجب دەبێ، وسەری حەولەکەی لە ڕۆژی پارە هەبوونەکە دەستپێدەکات. (كتاب الفقه على المذاهب الأربعة: ١/٤٨٧، الفقه الإسلامي وأدلته: ٣/١٨٧٠ - ١٨٧٧، موسوعة الفتاوى المعاملات المالية: ١٦/٦١).

## زەکاتی ماڵی قەرز

قەرز سێ جۆری هەیە:

یەکەم: ئەو کەسەی داوای قەرزی کردووە لەگەڵ خاوەن مامەڵەکە تەواو ڕێك نەکەوتوون، کەواتە: ماڵەکە هەر هی خاوەنەکەیەتی وقەرزەکە نەچەسپاوە ئەم جۆرە قەرزە زەکاتی تێدا نیە.

دووەم: بزن ومەڕی بەقەرز دراو زەکاتی لەسەر واجب نیە، بۆ نموونە: کەسێك ٤٠ چل سەر مەڕو بزنی بەقەرزدا بە کەسێك، ئەوە ئەم جۆرەش زەکاتی تیادا نییە، چونکە زەکاتی ئاژەڵ قەرزە ئەگەر هاتوو ئاژەڵەکە دەلەوەڕا لای خاوەنەکەی، ئەوەی بەقەردیش دەدرێ خاوەنی نایلەوەڕێنی.

سێیەم: کەسێك کەلوپەلێك بەقەرز بفرۆشێ یان پارە بەقەرز بدات، وە لە هەردوو حاڵەت پارەکەی وەرنەگرتبێتەوە و(نصاب) و(حول)ی تەواو بێت، ئەوە زەکاتی لەسەر واجبە، بەڵام بۆ کاتی زەکاتدانەکە تەماشای وەزعی قەرزدارەکە دەکەین، ئەگەر هاتوو قەرز وەرگرتنەوەکە زەحمەت بوو لەبەرئەوەی کەسی قەرزدارەکە نەبون بوو، یان حاشای دەکرد، یان منجر بوو وشاهیدیش نەبوو، یان خۆی شاردبۆوە، یان خاوەن دەسەڵات بوو ئەوە خاوەن ماڵ دەتوانێت هەرکاتێ

ماڵەکەی خۆی وەرگرتەوە ئەو کاتە زەکاتی هەموو ساڵەکان بدات، وە ئەگەر هاتوو قەرزەکە وەرگرتنەوەی ئاسان بوو، بۆ نموونە، قەرزدارەکە دەوڵەمەندبوو، یان شاهیدی لەسەر هەبو کە بەهۆیەوە حاکم دەیتوانی ماڵەکە وەربگرێتەوە، ئەگەر حازربوو (الحال) ئەوە واجبە زەکاتی ئێستا بدات، وە ئەگەر قەردبوو کاتی دانەوەی مابوو لە کاتی وەرگرتنەوەی قەرزەکە دەبێت زەکاتی هەموو ساڵەکان بدات.(المجموع شرح المهذب: ١٩/٦ - ٢١، روضة الطالبين: ١٩٤/٢)

## جیاوازی ساغ کردنەوە ( تصريف ) لەگەڵ قەرز

ساغ کردنەوە (تصريف) ئەوەیە، فرۆشیار چەند کاڵایەك دەدات بە کڕیار ونرخی دیاری دەکات و، پێی دەڵێت هەر کاتێك فرۆشتت پارەکەم پێبدە، وە ئەگەر نەفرۆشرا لێی وەر دەگرێتەوە.

جیاوازی لەگەڵ هێنانی کاڵا بە قەرز تەنیا ئەوەیە قەرز کاتی دانەوەی دیار دەکرێت، وکاڵاکە دەستبەجێ دەبێتە موڵکی قەرزدارەکە، بەڵام تەصریف کاتی دیار نیە هەر کات ماڵەکە فرۆشرا ئینجا پارەکەی دەدات، وکاڵایەکە نابێتە موڵکی کەسەکە، بۆیە زەکاتی کاڵاکە لەسەر سەرفکەرەکە واجب نابێت بەڵکو تەنها لەسەر خاوەنەکەیەتی.

بەزۆری مامەڵەی تەصریف لەگەڵ ئەو کەسانە دەکرێت کە پارەیان نیە، وتوانای قەرزدانەوەیان نیە، وبرادەری فرۆشیارن ویارمەتیان دەدات وداوای قەرزدانەوەیان لێ ناکات تا دەفرۆشرێ، هەر بۆیە جاری وا دەبێ ئەو کاڵایە بازاری سستە دەبیاتەوە بۆی دەگۆڕن بە بابەتێکی تر، بەڵام پێویستە خاوەنەکەی زەکاتی لێبدات.

وصلى الله على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

(والله تعالى أعلم)

ئەنجومەنی باڵای فەتوا لە هەرێمی کوردستان

٢٧/محرم/١٤٤٢هـ - ١٥/٩/٢٠٢٠م - ٢٤/گەلاوێژ/٢٧٢٠